# به یادی یاران

**ئەحمەد دەشتی**

ساقی نازم روو چراغم هەســـتە توخوا  زوو وەرە
گیانە ڕابە روو لە کۆڕی یـــاری من کـە توو وەرە

وا دڵی من پڕهەناســـەی ژاری ژان و خەم  بووە
وا لەدووری‌خاکی شیرین چاوەکەم کەم بین بووە

گەربە بادەی دەستی‌تۆیا تام نەکەم‌جامێ شەراب
نایێ ئۆخەم،هەردەسوتێم من لەناو ڕەنج وعەزاب

زۆردەمێکە وا  دەکێشـــم باری ژانی زام و  خەم
وا لەدووری کۆڕی یاران ساقیا من بویمە شـــەم

دێتەوە یاد ڕۆژی شـــادو پڕ لە خۆشی مامە ڕووت
هەرکە هێمن ومام هەژار و خالقم کۆبون لە رووت

کۆڕی‌مەجلس‌چەندشیرین بووپڕلەنوکتەوپێکەنین
یادگاری ئەو دەمـــانەم  وا  لە دڵ بویـتە  گـرین

وا هەنوکەش دوور لەیاران  بومەتە زێـدی  برین
ساقیا گەرتۆش نەبی وا خەم  دەبێتە مەرگی ژین

سا وەرەبۆم تێکە جامێ پڕلە شادی ودوور  گرین
بادەمێ مەست  بین بەیـادی ڕۆژگاری پڕ ئەوین

من لەگەل تۆودەستوبادەت والەخەم ڕزگار دەبم
ســـــاوەرە بۆم تێکە جامێ تا لەخەم دەرباز ببم

من خەمم هەز گیانە ساقی بۆیە یادی تۆ  دەکەم
گەربێ‌خەم‌بم بۆچی‌بادەی‌تاڵ‌وتفتت‌نۆش دەکەم

وا لەغوربەت زۆر لەمێژە من پەژارەم بویتە بەش
پڕبرینم سەیری‌ڕەنگ وخوێنی‌چاوو بەختی ڕەش

ساوەرە ئەی ساقی  شیرین پڕکە توخوا  پیاڵەیێ
تاوەلاچێ گشت خەمی‌من بابنۆشم بادەیێ

*